# کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل:

## 1- پیشەسازی دارمان و گەندەل

ئازاد حەمە
azadhama@hotmail.com



یەک لە گرفتەکانی ئەو کۆمەلگانەی لەرێگای خەباتی پارتیزانیەوە(شەرپچەکدارییەوە) دەگەنە دەسەلات ئەوەیە زۆرئاسایە ئەم کۆمەلگانە ببن بە بەشێ لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل یان بە بەشێ لە کۆمەلگەی زۆرداری سیاسی و توندوتیژی و پێکدادانی خێلەکی. ئێمە کە بەربەشی یەکەم کەوتین کەمتازۆر پریشکی دووەمیشمان بەرکەوتووە. ئەلبەتە, ئەو کۆمەلگانەش دووچاری هەلوەشانەوەی سیاسی و ئایدیۆلۆژی دەبن ( بۆنموونە کۆمەلگەکانی , یان ولاتانی , بلۆکی سۆسیالیزمی پاش هەرەسی ئایدیۆ-سیاسی یەکیەتی سۆڤیەتی جاران و , یاخود کۆمەلگەیَ وەک کۆمەلگەی عێراقی دوای ئاوابوونی بەعسیزم ) ئەوانیش دەشێ بەقۆناغی بەگەندەلبوونی سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری دا برۆن. وەکیتریش نابێ ئەوەشمان لەبیرچێ ئەو ولات و کۆمەلگانەی دووچاری کودەتای سەربازی یان کۆلاپسی ئابووری دەبن زۆر ئاسایە بۆماوەیَ بەهەمان دەردەوە, دەردی کۆلاپس و گەندەل , بتلێنەوە. ئەگەر هۆکارەکانی پێوەبوون بە درمی (دەردی ) ناوبراو تاڕادەیَ هاوشێوەبن و بەردەوامبوونەکەشی ئاکامی هاوجۆر بخەنەوە بەلام شێوەی پێوەبوون بەم درمە لەگشت کۆمەلگەیَ وەکیەک نیە. ئەمەو رەنگە دیاردەکانی گەندەلی و دارمان (کۆلاپس)لە کۆمەلگەیَ پێوەبوو بە درمی کۆلاپس و گەندەل بۆ کۆمەلگەیَ تر وەک یەک نەبێ ئەمەش لەبنەرەتدا پێوەندی بە توانای ئابووری و ئاستی هوشیاری تاکەکەس و دۆزی سیاسی و کولتووری ئەو کۆمەلگەیەوە هەیە پێش پێوەبوونی بەدرمی ناوبراوەوە. لەمرۆەشەوە دەکرێ رووسیای ئەمرۆ بەنموونە وەرگیرێ لەسەر ئەوی ووترا. چونکە باری رووسیا لەباری کۆلاپساوی و گەندەلی نە عێراق دەچێ و نەش لیبیا و نەش رەوەندا. بۆیە کاتێ قسەلەسەر کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلی کوردستان دەکەین تەنیا بەو دیاردە و رووداوە درماویانەوە دەنیشینەوە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلی کوردستانی ئەمئێستادا بلاو و زالن. کەواتە لەم نووسینەدا تەنیا بەو دۆز و بار و هەلومەرجە سیاسی و ئابووری و رۆشتبیریانەوە سەرقالدەبین بەرهەمهێنەری ئەم پیشەسازیە بێ نرخ و زێدە بێ مانایەن لە شوێنێ وەک کوردستانی ئەمرۆ.

وەکیتریش پووختەی ئەوی لایسەرەوە ووترا دەکرێ لەم چەند دیتنەشا چرکرێتەوە: کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل جۆرێکە لە جۆرەکانی کۆمەلگە کە ئەمرۆ لە جیهانا , جیهانی ئەمرۆی ئێمە, لێرە و لەوێ بوونی هەیە, یان ئەم جۆرە کۆمەلگەیە بەزۆری لەو شوێن و بەشانەی جیهان سەردەردێنێ کە رژێمە زەبرخواز و دیکتاتۆرەکان تیایا رووی لە ئاوابوون ناوە, یاخود ئەم شێوە کۆمەلگەیە لەو بەشەی جیهان دەردەکەوێ کە بۆماوەیَ زۆر باری ولات بەدەست ئاشووبی جەنگ و شەری ناوخۆ و تووندوتیژی سیاسییەوە دەنالێنێ. کەواتە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل نە کۆمەلگەیَ ئەبەدییە و لەوەچووەتەدەر کێشەکانی چارەسەرکرێن و نەش کۆمەلگەیێکە کێشەکانی سادەن بۆ چارەسەرکردن.

بەمجۆرە ئەم نووسینە, کە بە چەند بەشێ باس لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەکا , بە کۆمەلگەی ئێستای کوردستانەوە تایبەتدەکرێ. بۆئەوەی ئەمەش بکرێ لەو شوێن و کەس و شتانەوە وەسەرەتادێین بوونە بە مۆلگە

و بەرپرسی ئەم کۆلاپس و گەندەلە. بۆئەو مەبەستەش دەمانەوێ لەوێوەدەستپێکەین کە پێیدەلێن سالی ڕاپەڕین, ڕاپەڕینی ئازاری سالی 1991 . چونکە کۆمەلگەی کوردستانی ئەمڕۆ لە ڕووی سیاسییەوە بەرهەمی ئەم ڕووداوەیە, ڕووداوی ڕاپەڕینی 1991 . بەلام ئەم بەرهەمە بەچەند قۆناغێ لەبەکاربردن و وەبەرهێنانی سیاسی تێپەڕی ئەو بەکاربردن و وەبەرهێنانانەش ئەمەی لێدروستکرد کە ئێستادا لە گشت ڕووێکی سیاسی و ئابووری و ڕۆشنبیریەوە دەیژێین. ئەو تێژیانە کە لەگەل ویستی هەموانا یەکناگرێتەوە هۆکارەکانی چەند جەمسەرییە و یەک لەو جەمسەرانە ئەوەیە کە بەروبوومەکانی ڕاپەڕین وەک خۆیان نەپارێزران و لەشوێنیخۆشیانا وەبەرنەهێنران.

وێرای ئەو نەختە ووتنەی لایسەرەوە ئەوەش دەلێم ڕاپەڕینی 1991 کە وانەهاێ سیاسی ئالۆز و نا- سانا لە هەناویا بوو زۆنێ سیاسی بۆ کورد (ئەلبەتە بە یارمەتی ڕۆژئاوا) هێنایەکایەوە ئەم زۆنە شیاویێ سیاسی بۆ خۆبردنەڕێوە هێنایەپێش. خۆبردنە ڕێوەکە سەرەتا زۆر نا-مەدەنی و نا-لۆژیکی بوو و بەگەلێ قۆناغی سەیری تراژیدیئامێزیشا تێپەڕی, هەر لەتالان و شت ئاودیوکردن و شەڕیناوخۆوە بگرە تادەگاتە سازشی دوو حیزبە سیاسیەکەی کوردستان لەتەک دوژمن لەسەر حسێبی جیاوازی سیاسی لەتەکیەکا و, لەهەموو ئەوانەش تراژیدیتر تەوژمی کوردستان جێهێشتن دەستیپێکرد و , هەروەها قێزکردنەوە لە بەرەکانی ڕاپەڕین, کە ئازادی یەکێ بوو لەوانە , بووە بە ئامانج. بەلام هەریەک لەم دیاردە و ڕووداوە بەد و نا-لۆژیکیانە هۆکاریخۆی هەبوو و دەرئەنجام و ئاکامی تابلێی سەیریشی لەپاش خۆی جێهێشت کە مەزنترینیان دروستبوونی ئەم کۆمەلگە کۆلاپساوی و گەندەلاویەی ئەمڕۆیە کە هەموو پێوەیدەنالێنین.

بۆزێدە ڕوونکردنەوەی ئەو چەند دوا دێڕەی لایسەرەوە پێمانباشە ئەوەشبلێین, ئەوانەی لەسەرەتاوە لەناو شار دەستبەکاربوون ئەو دەستەبژێرە سیاسیە بوون کە ماوەێبەرلەوە پارتیزانی کورد بوون, واتە خەلکانێ کاری بەرێوەبردنیان لە دامودەزگاکانا گرتەئەستۆ پێشتر لەناو جۆرە ژیانێ تر کاتەکانیان بەسەربردوو و هیچوەختیش بیریانلەوە نەکردبوەوە لە شار دا بەرێوەبەربن. ئەم کەسانە کە سەر بە چین و توێژ و نەوەی جۆراوجۆر و ناکۆک و ناتەبا بوون هزر لەپاشیش بوون یان هیچنەبێ هزری سیاسیان سنووردار و نا-سەردەمی بوو. ئەم پارتیزانە کوردانە ئەو پارتیزانانە بوون سالانێ لە تەمەنیان نەک هەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوژمنێ خوێندۆست و مەرگبازی وەک بەعس بەسەربردبوو بەلکو شارەزایێ چاکیشیان لە سازشی سیاسی و ئاشبەتال و شەڕی براکوژیشدا هەبوو. بۆیە کاتێ ئەم کەسانە هاتنە ناو شار ئەم ڕابردووە سیاسیە , ئەم هزرە سیاسیە مالوێرانکەرەشیان لەگەل خۆیانا پەلەکێشی ناو ڕێکخستەکانی شار و ئیدارە و دواتر پەرلەمان و وەزارەت کرد و ئەوەش هەقایەتی سیاسی سەیر سەیری لێدروستبوو کە گەندەلی یەکێکە لە ڕوخسارە هەرە دیار و ناشرینەکانی ئەم هەقایەتە سیاسییە.

بۆیە ئێمە لێرەوە و لەم بەشی یەکەمەی نووسینەکەمانەوە( بەخۆی ئەم بەشە بەشێکی دەروازەیی نووسینەکەیە) تێدەکۆشین وێنەیێ لەسەر جۆری کارکردنەکەمان تایبەت بەم جۆرە کۆمەلگەیە بەرچاوخەین.

ئەم نووسینە کە بەش بەشە هەر بەشەو بە جۆرێ و لەسەر بناغەێ بە دەوری ناونیشانی بنەڕەتی نووسینەکەدا وێلە (واتە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ) بەلام هەر بەشەش خاوەنی ناسنامەی هزری خۆیەتی و ئامانج و ویستی لە هزراندن تایبەت و ڕوونە. بۆیە هەر لەم سەرەتایەوە بەپێوستی دەزانین مەبەستمان لە نووسینی ئەم نووسینە ڕوونکەینەوە. چونکە بێ ئەو ڕوونکردنەوەیە ناکرێ بەئاسانی ئەو تێگەیشتنە لای خوێنەر لەسەر ئەو باسانە دروستکرێن کە دواتر دەمانەوێ بەچەند بەشێ لەبارەیانەوە بدوێین. بۆئەو مەبەستەش دەمانەوێ بلێین: ئەم نووسینە,کەخۆیبەسەر چەند بەشێکا دابەشدەکا,کار بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ دیاردە و ڕووداوی دزێو و گەندەلئامێز و ڕووخسارترسناک دەکا. نووسینەکە باس لە جۆرێ لە جۆرەکانی کۆمەلگە دەکا ڕۆژانە ئەم

کۆمەڵگەیە خۆی نوێدەکاتەوە و لەڕێگای ئەو باسەشەوە کار بۆ دۆزینەوەی نیشانە و ڕوخسارەکانی کۆمەڵگەی ناوبراویش دەکەین. ئەم کۆمەڵگەیە، کە بە کۆمەڵگەی کۆلاپس( دارِمان) و گەندەڵ ناوبراوە , ئەو کۆمەڵگەیەیە بەشێ لە دانیشتوانەکانی گۆێ ئەم زەویە خرە دەیژێن. هەروەها ئەم کۆمەڵگەیە کە لێرە و لەوێ بوونی هەیە پێوەندی بەو میکانیزمە دژوار و دارِزاوانەوە هەیە بەرهەمیانهێناوە و کردوشیانە بە جۆرە پیشەسازیێک هەمیشە لە سەرلەنوێ خۆوەبەرهێنانەوەدابێ.

بێماناش نابێ هەر لەم سەرەتایەوە دەستبۆئەوەشراکێشین کە، کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ لە بوونیا کۆمەڵگەێ دژە جەمسەری کۆمەڵگەی ماف و ئەرک و هەروەها کۆمەڵگەی داد و یەکسانییە و شوێنی کوشتنی ئازادی ڕاستەقینە و دادپەروەری سیاسی و کۆمەلایەتیشە. با بزانین بۆ ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە دژە جەمسەری کۆمەڵگەی ماف و ئەرکە یان دژە جەمسەری کۆمەڵگەی داد و یەکسانییە؟ بەخۆی ئەم لایەنە وورده وورده لە بەشەکانی نووسینەکە ڕوونتر دەچینەناوی بەلام لێرە هەر ئەوەندە دەلێین کە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ شوێنی خۆشاردنەوەی کەسانی مونافیقی سیاسی و ڕۆشنبیرییە هەروەها حەشارگاێ باشیشە بۆ دروستبوونی هەندێ کەسایەتی لەوانە بازرگانی (و بەلێندەری) بێ هزری ئابووری و بێ ئاگا لە پرنسیپەکانی مافی کارمەند و ڕێساکانی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنان , هەروەها تابلێی دالدەێ زێرینیشە بۆئەوانەی دەیانەوێ بالاخانە بۆ تێکستە گەندەلەکانیان هەلچنن یان پەرە بە سالارخوازیی خۆیانبدەن. هەروەها ئەم جۆرە کۆمەڵگەیە کەسانێ سیاسی ئەوتۆش دروستدەکا ئەوەندە لە ماف دەگەن تا وەریدەگرن بەلام بێ ئەوەی ئەرکیان هەبێ و بێ ئەوەی ماف بەخشبن. هەروەها ئەمانە کە ماف زەوتکەرن تەنیا نوێنەری مافی خێلی خۆیانن. ئەمانە (واتە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەڵ)، کە بەوە قەلسدەبن باسی ئەرکیان لەتەکا بکەی، نە هزرێ تەواو سیاسیان هەیە و نەش ئابووری و یاسایی و بگرە ئەوەندە بیرۆکراتیش نین. ئەمان کە دژی باسن لە ئەرک هۆیە بنەڕەتیەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ژیانی پارتیزانی ئەمانە بەخۆی ئەو ئەرکەبووە لە ڕابردوودا داویانە بۆیە بۆ ئەمانە ئێستایەمرۆ تەنیا کاتێکە بۆ وەرگرتنی مافە و بەس. بەلام گرفتەکە لێرە ئەوەیە وەرزی ماف وەرگرتنی ئەمانە ئاوابوونی بۆ نیە و قەد جارێتر نایانەوێ ئەرکیان هەبێ. ئەوەش کە ئەمانە ئەمڕۆ بوونە بە هەندێ سیمبۆل (وەزیر، سەفیر , پەرلەمێنتار یان بەرپرسی سەندیکا یان ڕادیۆ) ئەمە بۆ ئەمانە هەرگیز بە ئەرک ناژمێردرێ چونکە ئەمانە ئەرکە گەورەکەیان ئەوەبووە کە لە ڕابردوودا هەیانبووە , واتە ئەوەی کە لە ڕابردوودا بەرەنگاری دیکتاتۆرەکان بوونەتەوە. بۆیە کەسی سیاسی کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەل , کە پێشتر پارتیزان بووە (چەکلەشانبووە) , نایەوێ جارێتر باسی ئەرک بەجێگەیاندنی لەتەکا بکرێ. ئەم تێکچوونەی پێوەندی نێوان ماف و ئەرکیش لە کۆمەڵگەی کۆلاپس و گەندەل , کە بەخۆی فەلسەفەێ سیاسی قوول پێویستە شیکاتەوە، ڕیشالی واتاهاێ وەک یەکسانیخوازی، دادپەروەری و ئازادیشی تێکداوە. چونکە کەسە گەندەلەکانی کۆمەڵگەی ناوبراو، جا سیاسی بن یان بازرگان یان ڕۆشنبیر، تا ئەو شوێنە دادخوازن کە مەرام و ویستەکانیان تێردەبێ ئەگەرنا چەند بە وشەی وەک ئەرک قەلسدەبن چەندینباری ئەوە بە وشەی وەک داد، یەکسانی و ئازادی ڕاستەقینە ( نەک ئازادی بەپیشەسازیبوو) قەلسدەبن. ئەم لایەنانە کە ڕوونتر و بەرینتر دێینەوەسەریان دلۆپێکن لەو ڕەخنانەی نیازمانە ڕووەدستی خوێنەرانی ئەم نووسینەیخەن.

هەر لەم سەرەتایەوە پێمباشە ئەوەش بلێین، هەندێ شت، هەندێ ڕووداو و دیاردە و دۆز، لەژیانی ڕۆژانەدا پێویستی بە ڕونکردنەوەی سادە و نا-ئالۆز هەیە بەلام بەپێچەوانەوە هەندێ شتیتر ڕوونکردنەوەی توانا و شیاویێ تایبەت و دەگمەنی دەوێ. بۆنموونە ئەو شتانەی لە لاپەڕەکانی لایخوارەوە دەخرێنە سەر کاغەز بەشێکن لەو شتانەی مرۆڤ پێویستناکا لە ڕوونکردنەوە و ڕاڤەکردنیانا جۆشدامێنێ و سەریدونیای لێبێتەوەیەک. بەلام لەهەمانکاتیشا پێویستە لەوە بەئاگابین ئەو شتانەی لایخوارەوە باسدەکرێن نە لاوەکین و نەش بێ مانا، نە بێ

بەهان و نەش پەراوێز بەلکە ئەوانە شتهاێکی ڕۆژانە و چەندبارەن و کەس و هاولاتی کورد پێویستی بە زانین و هزرێ ئەنسکلۆپیدی(مەوسوعی) نیە تا لێیانبگا, بەلام هەندێ شتی دی , هەروەک ووتمان,بەمجۆرە نییە و ڕەنگە مرۆڤ بۆ گەیشتن لەهەندێ شت پێویستی بە زانیاری و پسپۆڕی و تێخوێندنەوەێ قوول و زۆری گەلێ ئارشیف و دۆکومێنت بێ. بۆنموونە کەسێ بۆئەوەی لەوە حالیبێ کۆپیکردن لەبواری ببۆلۆژیا (زیندەوەرناسی ) شتێ نا-ئیتیکیە (نا-ڕەوشتییە) پێویستی بەوەدەبێ لە دوو شت بگا یەک لە ئاڕاستە هیۆمانی (مرۆیی) و توانا زانستیەکانی خودی بیۆلۆژیای هاوچەرخ و دواجار لە مانای ئەوەی چ شتێ ئیتیکیە و چشتێکیش نا- ئیتیکیە یان بەواتاێتر چۆن شت ئیتیکی دەبێ و چۆنیش شت نا-ئیتیکی دەبێ. ئالەمحالەتەدا ئەو کەسە خۆی لەبەرامبەر دوو جۆر لە زانست دەبینێتەوە کە یەکێکیان بیۆلۆژیایە و ئەویتریش ئیتیک. ئەم لایەنەش مەرجی ئەوە لەم کەسە داوادەکا زانیاری و دانای لەبارەی ئەو دوو زانستەوە هەبێ. کەواتە ئەم کەسە زانین و تێگەیشتنە شەخسی و سەرپێیەکانی , کە بەخۆی بەشێکن لە ئەزموونی کەسی ئەم کەسە, یارمەتی ئەوەی نادەن لەو پرسیارەبگا کە بەمشێوەیە خۆی فۆڕمولێرەدەکا: ئایا ڕاستە دیاردەی کۆپیکردن شتێکی نا-ڕەوشتیە؟ بەلام شتیتر بۆنموونە وانیە و ڕەنگە هەمانکەس ئەو زانیاری و دانایە تایبەت و ڕیزپەڕەی نەوێ تا لەو شتە بگا.بۆنموونە ئەو کەسە بەوەناچێ پێویستی بەوە بێ سەرچاوەێ زۆر بخوێنینەوە تالەوەبگا لێدانی مندالێ کارێ هەلەیە.

پووختەی ئەوەش لایسەرەوە ووترا ئەمەیە: ئەو شتانەی لە بەشەکانی ئەم نووسینە بەرباسدەخرێن وەک لێدانی ئەو منداله وایە کە لەبنەڕەتدا کردەێ هەلەیە و ئەو هەلەیەش زانین و دانایێ تاک و تایبەت لە کەس داواناکا تالەوەبگا ئەوە هەلەیە. بەمجۆرە, گەلێ لەو سێرکردن و ڕوونکردنەوانەی لە گەلێ شوێن لەم نووسینە چەند بەشیە دەووترێن داوای زانیاری و دانایێ دەگمەن و بێ وێنە لە خوێنەر ناکەن تا لێیانبگا, ئەم خوێنەرە ( بەمەرجێ خوێنەرێ گەندەل نەبێ ) هەرلەبەرئەوەی تاکێکی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەلە گەر بیەوێ بەئاسانی لەو لایەن و دیاردانە دەگا لەم نووسینە چەند بەشییە بەرباسدەخرێن. وەکیتریش زۆر بەلامانەوە گرینگە خوێنەری ئەم دەروازەیە (دووبارە دەلێمەوە بەوهیوایەی خوێنەرێ گەندەل نەبێ) لەوە حالیبێ ئامانج لە نووسینی ئەم نووسینە چەند بەشیە لەسەر کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بۆ ئەوە نیە گالتە بە تاکەکانی ئەم کۆمەلگەیە , یان سیاسەت و ئابووری و ڕۆشنبیری ئەم کۆمەلگەیە, بکرێ بەلکو ئامانجی بنەڕەتی لە نووسینی ئەم نووسینە دەرگاکردنەوەیە لە هیوایێک بۆ ژیان لەودیو دارمانە سیاسی و ئابوری و ڕۆشنبیریەکانی ئەمڕۆی کۆمەلگەی ناوبراو. واتە خەمی سەرەکی ئەم نووسینە دروستکردنی کۆشش و دۆزینەوەی ڕێگاچارەی گونجا و کۆنکرێتە لەودیو ئەو خەلەتاندنانەی ڕۆژانە تاکەکان لێرە و لەوێ لە کۆمەلگەی ناوبراو ڕێبەدیدەکەن (سودفەیدەکەن), لەودیو ئەو بەشمەکبوونەی واتاکانی وەک ئازادی, خۆشەویستی, نووسین, هاوڕێیەتی و تادەگاتە مانای سیاسەت و ئایدیۆلۆژیا پێوەیدەتلێنەوە. هەروەها لەڕێگای ئەم نووسینە چەند بەشیەوە هیوایێک بۆ ژیان دەخوازرێ بسازێنرێ لەودیو ئەو بەپیشەسازیبوونەی شتە جوان و باشەکان دووچاریبوونە. بەلام ئەم هیوایە نایەتەدی گەر سەرەتا ڕەخنەی ئەو دیاردە و ڕووداوە ڕۆژانەییە نابەلەد و بەدانە نەکرێ بوونە بە کۆلەکەی ئەو دارمان و گەندەلەی ئەم نووسینە توانجیان تێدەگرێ. ئەمەو ئەم نووسینە ئەوەش بە شتێ زێدە نا-لۆژیکی و نا-مرۆیی لەقەلەمدەدا پاداشتی تراژیدیژیان گەندەل و کۆلاپس (دارمان) بێ. کەوابێ بۆ ئێمە پرسیارە بۆ دۆزیێ ئەوتۆ بۆ تاکی کورد دروستکراوە یان دەبێ تراژیدیا بژی یانیش گەندەلی بەلام ئەم پرسیارە وەلامدانەوەکەی تێگەیشتن بەدەستەوە نادا تا ئەو لایەنە زێدە وورد و هەستیارانە باسنەکرێن کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل خۆیلێنەناسدەکا, لەو لایەنانەش: ڕۆلی نووسەر لە بێ نرخکردنی وشە, ڕۆلی خوێنەر لە بێ ماناکردنی کەسێتی خۆی وەک خوێنەرێ, وەک تاکێ ئیندڤیدوالی ڕووداوئامێز, هەروەها ڕۆلی سیاسی لە تێکدانی ئابووری نەتەوە و بەهەلەبەکاربردنی وتاری سیاسی , ڕۆلی ڕۆشنبیر , جائەوە سیاسیبێ یان نووسەر, لە

بەشمەکردنی ئافرەت و بەگەندەلکردنی واتای خۆشەویستی , ڕۆڵی داد و دادوەر لە گەنیوکردنی واتای سزا و هەق, ئەمەو تادەگاتە سەر چەندین لایەنی ووردی تر وەک تێکچوونی باری ڕۆژنامەوانی کوردی , هاتنەخوارەوەی ئاستی ئەکادیمی و پەروەردەی مامۆستا و قوتابی لەیەککاتدا, ئابرووچوونی ڕاستی و بلاوبوونەوەی پەتای سوفستایەت و ڕەوانبێژی و داستانئامێزی لە کاری نووسین و بلاوکردنەوەی کوردی. ئەوەش کە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئامادە نییە خۆیبکا بەخاوەنی, کە دواتر ڕوونکردنەوەیان لەبارەوە دەدەین, بۆئەوە دەگەڕێتەوە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل هەمیشە باس لە شتە گەورە و درشتەکان دەکرێ و ئەوی نرخ و بەهابێ بۆ شتە هەستیار و وورد و لاوەکیەکان دانانرێ.

بۆیە لەڕێگای ئەم نووسینەوە دەخوازین ئەوەشبلێین, دارمانەکان کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ لە زیادبوون و نەشونما و جۆراوجۆربووندان ئەمە مانای ئەوەنیە تاکی ئەم جۆرە کۆمەلگەیە پشت لە ویستی سەرلەنوێ دروستکردنەوە و دووبارە دامەزراندنەوە بکا. چونکە لەڕێگای ئەم نووسینەوە ئەوە نیشاندەدرێ لەپاش گشت دارمانێ سەرلەنوێ بوونیادنادنەوە و دووبارە سازاندنەوە هەیە بەئاسانی نایەتەدی بۆیە دەبێ تێگەیشتن بۆئەوە هەبێ لەنێوان گشت دارمان و دروستکردنەوەێ ماوەێ یان مەوداێ لە دابران و قرتان هەیە ئەم مەودایە وادەکا زۆربەی دزێوی و هەلە و غەدر و نارێکی و نا- دادپەروەریەکان شوێن بۆخۆیان بدۆزنەوە و شیاویی لەبەردەم گشت پرۆسەێکی بوونیادنان و چاککردنەوەش تێکدەن. بەلام پاش ئەو ماوەیە هەرچۆنێ بێ پرۆسەی بوژانەوە و سەرلەنوێ بوونیادنان دێتەدونیا و پێویستە ئەم پرۆسەیە ڕێچکەی خۆی وەرگرێ بەلام ئەمە ئەو دەمە ڕوودەدا هێزی ڕاسیۆنال (عەقلانی) , کە لە تاکە جیاکانی کۆمەلگە پێکدێن, وەک هزرەڤانی سیاسی هزرڕوون و هزرقوول , وەک ڕوناکبیری بیرتیژ و بیرپڕ, بەشداریی لە پرۆسەی سەرلەنوێبوونیادنانەوەکە بکەن. ئێمە دەلێن هێزی ڕاسیۆنال و هزرەڤانی سیاسی هزرڕوون و ڕوناکبیری بیرتیژ نەک خەلکی گەندەل و سیاسی گەندەل, نەک ڕۆژنامەوانی گەندەل و ئەکادیمیکەری گەندەل, نەک نووسەر و خوێنەری گەندەل و تێکستی گەندەل, نەک پیاوی ڕۆشنبیری گەندەل و ئافرەتی ڕۆشنبیری گەندەل, نەک عاشقی گەندەل و خێزانی گەندەل, نەک ئازادیخواز و دیموکراسیخوازی گەندەل, نەک دژە ئاسایش و داخلەدل و ڕقباز. چونکە ئەوانە هزر نەخۆش و بیر تاریک و هەست مردوون. ئەمانە کە ناتوانن بوونیادنەربن ڕێگری سەرەکی بەردەم پرۆسەی بوژانەوە و سازاندنیشن.

کەواتە, خوێنەری بیر خاوێن و دەروون ساغ دەبێ لەوە حالیبێ ئەوی لەدووتۆی ئەم لاپەڕانە نووسراوە نابێ واڕاڤەکرێ دەروازەیەکن بۆ وانە ووتنەوە لەسەر ئیتیکی (ڕەوشتی) کەسی کورد یان ئەو سایکۆلۆژیا سیاسیەی تائێستا لەسەر تاکی کورد نەنووسراوەتەوە چونکە ئەوە ئەرکی ئەم نووسینە نیە و بواری پسپۆڕی ئێمەش نیە. بەلام ئەم خوێنەرە هزر پاقژ و ڕۆح سەلیمە دەکارێ ئەم لاپەڕانەی لایخوارەوە بەوە ڕاڤەکا هەولێکن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ئیتیکە ئایدیۆلۆژییە ڕۆژانەییەی هەلەئامێزەی کەسی کورد خویی پێوەگرتووە , هەروەها هەنگاوێکیشە بۆ دادوەریکردن بەسەر ئیتیکی ڕزیو و بێ باکی کەسی سیاسی و ڕۆشنبیری گەندەل و دارمانخواز. بەواتێتر,لەڕێگای ئەم نووسینەوە دەمانەوێ بەوەبگەین , پێویستە پاش گشت دارمانێ پێویستیێ بۆ سەرلەنوێ هەلسانەوە و دەستپێکردنەوە لەئارادابێ, مەرجە پاش گشت دارمانێ کەسانێ لێشاوئامێز و هزر پاک و دەسترەنگین دەستبەکاربن. ئەمانە گرینگە کەسانێ بن ڕابردوو و ئێستایان پاقژ(خاوێن) و داهێناوی (پڕلە داهێنان) بێ. ئەم مرۆڤانە کە هەن و ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەژین لەبەرئەوەی سەر بە قەبیلەێ(خێلێ) سیاسی و ڕۆشنبیری دیاریکراونین فەرامۆشکراون و ووتنەکانیان شوێنی تێرامان و لێکۆلینەوەنین. ئەوەش کە تارادەێ دەشێ وەک یەکێ لە هەقیقەتەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل تەماشاکرێ ئەوەیە کە لەم جۆرە کۆمەلگانە هەمیشە کەسی نا-داهێنەر و خوێنباز (بەمانای تایفەگەر) و دژەماف دەبن بە نوێنەری ڕۆشنبیری, سیاسی و ئیداری کۆمەلگە.

بەواتاێ کەمتر وێژەی و نا- سوفستای ئامانج لەم نوسینە دابڕینی تاکی کۆمەلگەی ناوبراو نیە لە کۆمەلگەکەی و لەهەمانکاتیشا ئامانج بەقارەمانکردنی ئەم تاکەش نییە و یان هەولیئەوەشنادرێ ئەم تاکە بکرێ بەفریشتە و خواوەند. ئێمە کە تاکی ئەم جۆرە کۆمەلگەیە جۆراوجۆر و ناچووست(لێکنەچوو) دەبینین بەردەوام وەک بێوەفا و غەداریش تەماشای ناکەین بەلام ئێمە ڕێگا بەخۆشمان نادەین تاکەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەیەکدی جیانەکەینەوە. واتە پێشمەرگەێ داماو ,کە بە موچەێ زۆرکەم گوزەرانی خۆی و خاوخێزانەکەی سالەهایە مەیسەردەکا,لەو سیاسیە گەندەل باز و شەڕوال پیسە جیادەکەینەوە تراژیدیاکانی کورد کردی بە قارەمانی سەر شاشەکانی تەلەفزیۆن , یان ئێمە ئەو کاسبکارە کوردەی هیچ خەتایکی نیە ئەوەنەبێ تاکێکی کوردە و لەم کۆمەلگە کۆلاپساوی و گەندەلە دەژی لەو ڕۆشنبیرە سوفستای و قەسیدە نووسەی جیادەکەینەوە لەڕێگای ڕۆشنبیرییێکی درۆئامێزاوە, کە ڕۆژانە لێرە و لەوێ دەیپرژێنێ, بووە بە یاوەری دەسەلات. ئەمەو لەمیانەی ئەم نووسینە ئێمە ئەو خوێنەرە بەوەفایانەی ئەم جۆرە کۆمەلگەیە خەسانونی لەو خوێنەرە سەرخۆشانە جیادەکەینەوە توانای جیاکردنەوەی تێکستی گەندەل لە تێکستی خولقێنەریان نیە. هەروەها بەهۆی ئەم نووسینەوە ئەو نووسەرە هزر پاک و دەروون ساغانەش لەو نووسەرە سوفستای و پسیکۆپاتەنەش (دەروونبیمارانەش) جیادەکەینەوە تەنیا خەیالیان لای ئەو لەشکرە لە خوێنەرەیە بەزەبری وشە داتاشین و یان ڕیزکردنی واتا لەم ڕۆژنامە و لەو گۆڤار یان مالپەڕ کۆیانیانکردۆتەوە. مەبەستم لەڕێگای ئەم نووسینەوە ئەو نوسەرانەی بیریان تەنیا لایئەوەیە بەهەچ جۆرێبێ لە سەروتارەکانیان ببنەوە تا فریای فلانە هەفتەنامە یان فیسکانە ڕۆژنامەی خەن و خوێنەرە سەرخۆشەکانیان, کە خۆیانئاسا دەروونشەکەت و هزرشێواون, گەندەلکەن لەو نووسەرە ڕێزدارە بێدەنگ و بەسامانە جیادەکەینەوە بەچاوێ بەرزەوە دەڕواننە خوێنەر و نووسین. هەروەها لە ڕێگای ئەم نووسینەوە ئەو قوتابیە زانکۆیە بەستەزمانەش لەو قوتابیە زانکۆییە بێ هیوایە جیادەکەینەوە لە واتای بەزانکۆیبوونی قووتابیەتی خۆی ناگا, یان ئەو ئەکادیمیکەرە هزرگەندەلە لەو ئەکادیمیکەرە ڕوناکبیرگەرایە جیادەکەینەوە لە وانەکانی خۆی ناگا و بەسال سەرچاوەێ دەگمەن و دانسقە ناخوێنێتەوە. وێرایئەوە ئەو ڕۆژنامە و یان ڕۆژنامەوانە بەئاگا و دژە گەندەلەش لەو ڕۆژنامە و یان ڕۆژنامەوانە سوفستای و بیزنتیە جیادەکەینەوە کاری کاوێژکردنی هەوالی چەند بارە و زانیاری بێ بناغە و بلاوکردنەوەی ڕۆشنبیریێ نیهلیستییە (هیچگەرایە).

ئەلبەتە لەڕێگای ئەم نووسینەوە کار بۆئەوەشدەکەین تاکی کۆمەلکە نە لە مێژووەکەی جیاکەینەوە و نەش ئەم تاکە و کێشەکانی بەلۆکالیکەین. واتە نە مێژوو کوژین و نەش مێژوو پەرست بەلام ئەمە ئەوە ناگەێنێ ئێمە مێژوو دەکەین بەبناغە بۆ گەیشتن لە تاکێ گەندەل یان سێستەمێ سیاسی و ئیداری لەپاش و دارماو چونکە بەباوەڕی ئێمە تاکی کورد هیچی لە تاکێ دانیمارکی یان ئیسپانی کەمتر نیە. بۆیە ناشێ و نابێ ئەم تاکە ببێ بە پیشەسازی بۆ سێستەمێ گەندەل و کۆلاپساوی کە توانای تەنیا لە یاری سیاسی هەرزان و داوەشاوکردنی ئابووری نەتەوەدا هەیە. واتە بناغە بۆ جۆرە شیکردنەوەێ دادەنێین لەلاێ دژی جووینی مێژووییە و لەلاێتریش پاساودانی مێژووی پێیقبوول نییە.

بۆیە بەگژاچوونەوەی گەندەل و کۆلاپس واتە بەگژاچوونەوەی سیاسی گەندەل , ئەو سیاسیەی تابلێی لەسەر مێژووی کورد مشەخۆر بووە, ئەو سیاسیەی تابلێی کەیفخۆشە دیکتاتۆرەکان کوردیان مالوێران و سەرکزکرد. سیاسی گەندەل کە دژە جەمسەری دیکتاتۆر و زۆردارەکان نییە هەمیشە ئەو تراژیدیایانە بیر تاکی کۆمەلگەکەی دەخاتەوە کە بەسەریهاتووە. سیاسی کۆمەلگەی گەندەل کە سیاسیێ پسیکۆپات (دەروونبیمار) و نەرجسییە (خۆویستە) تەنیا لەهەوای سیاسی خۆیەتی. ئەمەو سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو بۆیە دەبێ ڕەتکرێتەوە و نا- بیرياریيە سیاسیەکەشی بۆ خەلک ئاشکرا و والاکرێ چونکە ئەم (واتە سیاسی کۆمەلگەی گەندەل) پێیوایە ئەم

تاکە (تاکی کورد لێرە مەبەستە) نەدەبوو گەر ڕاو و ڕێویە سیاسیەکانی ئەم (واتە تاکی سیاسی کورد) نەبایە. ئەمەش بەخۆی بەلگەێ ترە لەسەر مێژوو پەرستی ئەم تاکە سیاسیە. جا چەند ڕەتکردنەوەی تاکی سیاسی گەندەلی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل پێویست و گرینگە هەرئەوەندەش ڕەتکردنەوەی نووسەر و ڕۆشنبیری گەندەلی ئەم کۆمەلگەیەش بەهەمان شێوە پێویست و گرینگە. چونکە ئەمیش (جا نووسەر بێ یان بەگشتی توێژی ڕۆشنبیر) وایبۆدەچێ ئەم تاکە کوردەی ئەمڕۆ نەدەبوو گەر تێکستەکانی ئەم ( نووسەری کۆمەلگەی گەندەل) نەبایە. هەر ئەم هێپۆتێزەشە والەم جۆرە نووسەرانە دەکا بەو دیتنە بگەن کە بەمجۆرەیە: ""من نەبومایە تۆ نەدەبوی"" . ئەمە کە بیرۆکەێ گەندەلاویە هزرێ تابلێی گەندەلئامێزیش دایڕشتووە. ئەم بیرۆکەیەش تەنیا زادەی بیری توێژی ناوبراو نیە بەلکو بۆچوونی سیاسیەکانیشە و هەر لەوانیشەوە چۆڕاوەتە ناو توێژەکانی تری کۆمەلگەوە. سیاسیەکانی کۆمەلگەی گەندەل و کۆلاپس نەک هەر یەکتر بەوە دەشکێننەوە ""من نەبوومایە تۆ نەدەبووی"" بەلکو گشت کۆمەلگەش بەوە قەرزاربارەدەکەن ""گەر ئێمە نەبانیایە ئێستا ئێوە نەدەبوون"" . دەلیلیشم لەسەرئەوە ئەو ووتنە بیمارئامێزانەیە 17 سالە سیاسی و نووسەری کورد گۆیدەکەن و بەهۆیەوە ناز بەسەر تاکی ئەم کۆمەلگە داماوەی کوردستانەوە دەکەن گوایە ئەوان بەمرۆژەیان گەیاندوە ئەم تاکە هەبێ و ئازادیش بێ. خۆی ڕاستە لە گشت کۆمەلگەکانی دونیا توێژی سیاسی و ڕۆشنبیر لە توێژە داهێنەر و خولقێنەرەکانن و بەرهەمهێنەری گەلێ بیرۆکەی نوێ و پێویستئامێزیشن بەلام ئەم تیۆریە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەمجۆرە نیە. چونکە دیالیکتیکێکی قێزەوەن توێژی ڕۆشنبیر و سیاسی کۆمەلگەی ناوبراو بە باقی توێژەکانی ترەوە دەبەستێتەوە کە لە بەشەکانی ئەم نووسینە نیازمانە ڕوودەستیخوێنەرانیخەین.

گەرشتێ ڕوونتر لەوی لە دوادێڕی پەڕەگرافی لایسەرەوە ووترا بلێین بەپێویستی دەزانین لەو خالە زێدە هەستیارە سیاسی و کۆمەلایەتیەوە دەستپێکەین کە بەمجۆرەیە: ئەوەی سیاسی کورد لەڕێگای پێشمەرگایەتیەوە گەیشتووە بە دەسەلات ئەمە قەوانێکە واخەریکە نووسەرانیش (ڕۆشنبیرانیش) بۆ پاساودان و شاردنەوەی ئەو گەندەل و دارمانانەی ئەنجامدەدرێ ڕۆژانە لێیدەدەن. بەلام ئەوەی پێویستە نەک هەر تاکی سیاسی یان تاکی ڕۆشنبیر بیزانێ بەلکو گشت تاکی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لێیبەئاگابێ ئەوەیە ئێمە کە وەک کورد لەدایکبووینە لەتەک ستەم و جەور تابلێی پێوەندیداربوینە ئەمەش کە بەختێ سیاسی میتافیزیکی بۆدروستکردوین ئەستەمە بەهەندێ واتای سوفستای ڕۆشنبیری و ڕەوانبێژی سیاسی بەتال پینەوپەڕۆکرێن. ئەم بەختەش لەسەرێترەوە وایکردووە سیاسەت و تەنانەت ڕۆژنامەوانیش (بەواتایێتر نووسین) ببن بە دوو بەشی سەرەکی لە ژیانی هەرهەموومان. چونکە سیاسەت و ئەمجار نووسین لە بنەڕەتدا وەک ئامرازێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو ستەم و جەورە بەکاربراون. بەلام بەکاربردنەکە وا ئێستا وردە ووردە دەردەکەوێ کە دوانەیی بووە. واتە دوو خاسلەتی و دوو ڕەوشتی بووە. ئێمە لایخوارەوە هەقیقەتێک بەرچاودەخەین پشتگیری لەم تێگەیشتنە دەکا.

ئەو دەمەی کورد لەژێر جەوری زۆرداری دەینالاند تەنیا دەستەبژێرێک کاری بەرخوردانی ئەنجامدەدا زۆرینەش پشتگیری لەم دەستەبژێرە دەکرد بەلام ئەمە مانای ئەوەنییە ئەوی ڕۆژێ لە ڕۆژان تەقەیکردوە یان گیراوە یان نوسیویەتی بۆهەمیشە سامانی نەتەوە بەئارەزووی خۆیبەکاربەرێ. بەلام ئەم لایەنە نەختێ گۆڕانکاریشی تێکەوتووە. واتە لە پاش ڕاپەڕینەوە وورد ووردە دەرکەوت گشت ئەوانەی پێشمەرگەبوونە و مەرگیان لەبڕی ژیان هەلبژاردوە و گرتن و برسیەتی و لەسێدارەدانیان خستوەتەژێرسەریان نەکران و نەبوون بە بەشێ لەو دەستەبژێرەی ئەمڕۆ سامانی نەتەوەی لەبەردەستدایە. بەتەماشاکردنێکی ئەوەش کێ بوو بە وەزیر و پەرلەمێنتار یان سەفیر و نوێنەری حیزب یان حکومەتی هەرێم یان بەرپرسی ڕادیۆ و سەندیکا و چاپخانە و سەنتەر بۆماندەردەکەوێ ئەمانە چەند کەس و بنەمالەێکن و بەس. بۆیە بۆلەمەولا و بۆئەوەی گەندەلبازی و دارمان

مالئاوایمان لێکا دەبێ ئەوەندە ئەو قەوانە لێنەردێتەوە لایسەرەوە توانجی لێگیرا چونکە ئەو قەوانە لێدانەوەی بەزیانی تەنیا ئەوانە ناکەوێتەوە ئەمە نەبوونە بەلکو بە زیانی ئەو زۆرینەیەش دەکەوێتەوە ئەمەبوونە و ئێستاش هیچ نین. کەوابێ , بۆئەوەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئاوابێ دەبێ کەسی لێشاو لە شوێنی لێشاوبێ. ئەمەش داوادەکا سیاسی وەک هزرڤان ڕەفتارکا نەک سەرۆکخێل و سیاسەتیش وەک بوارێ لە هزرەڤانی تەماشاکرێ نەک وازی و پێشبڕکێی نێوان دوو خێل. ڕۆشنبیریش دەبێ شوێنێکبێ بۆ لەهێلەگدان و پاقژکردن نەک دروستکردنی کۆشکی ناو و دەسەلاتی لاپەڕە.

بەلام ئەوەی جێیمەراقی گەورەی ئەم نوسینەیە ئەوەشە کە گشت نیشانەکان ئەوە ڕووندەکەنەوە بەگەندەلاویبوونی ژیانی سیاسی و ڕۆشنبیری بۆ سیاسی و ڕۆشنبیرەکانی کورد شتێ ئەوەندە ترسناک نیە. ئەمەش نەک هەر لەبەرئەوەی جارجارە سیاسیەکان دەیدەن بەگوێمانا کە گەندەلبوونی ژیانی ئیداری و سیاسی ئەمڕۆ بووە بە شتێ جیهانی نەخێر ئەمە هەر ئەو قەوانە نیە زوو زوو بەرگوێماندەکەوێ بەلکو قەوانە هەرە ناخۆش و دەنگ نازوولالەکە ئەوەیە زوو پێشماندەووترێ"" مەڕەکان ئیتر ترسی گورگەکەیان لەسەرلابراوە"", واتە ئیتر کورد پەلامارنادرێ , گوند ناسوتێنرێ, هەلناواسرێین, لەسەر زێدی خۆمان دەربەدەر و ئاوارە ناکرێن و ..هتد. بۆیە بەپێی ئەم بیرۆکە سیاسیە ڕزیووە گەندەلی ئەوەندە مەترسیدار نیە و شتێ ناوخۆی و لۆکالی و کاتییە و گەردانبەخۆمان بگرین چارەسەردەکرێ. واتە سیاسیەکانی کورد پێیانوایە شتە هەرە ترسناکەکە گەندەلی نییە بەلکو ئەوەبوو کە زۆرداری بەعس ئاوابوو و هەروەها ئەوەی تاکی کورد مەترسی لەناوچوون و توانەوە و پەلاماردانی لەسەر نەماوە و ئەو کێشانەش کە ئەمڕۆ هەن شتی وەختی و سەرپێین. بەخۆی ئەم قەوانەی زوو بەرگوێماندەکەوێ لەبەرئەوەی هێپۆتێزێ(گریمان) تابلێی گەندەلاوی و نا –مرۆیی لەخۆیا حەشارداوە شایانی گرنگیپێدان نییە. لەبەرئەوەی جیاوازیێ گەورە لەنێوان ئەوی دەتکوژێ و ئەویشی دەتدزێ یان تالانتدەکا نیە. ئەوی یەکەم یەکسەر لەناوتدەبا و بەلام ئەوی دووەم بێ خۆشی, بێ کار, بێ ئایندە و بێ ئابووریت دەهێلێتەوە. ئەوییەکەم کتوپڕ هەبوونت دەسڕێتەوە بەلام ئەویتر لەئایندەێ دوورتر دەستکاری هەبوونتدەکا. بۆیە لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بابەتی نەتەوەی ئەوەندە جێیباس نیە و ڕابردووی سیاسیش تائەوشوێتە دەخوێنرێتەوە کە بۆ زەوتکردنی زۆرترین ماف و هێز بەکاردەبرێ.

هەر ئەم دیتنانەی لایسەرەوە کارێئەوتۆشی کردووە بۆئەوەبچین: لەبەرئەوەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لە کۆمەلگە هەرە ترسناک و بەدەکانی جیهانە, ئەم جیهانەی ئەمڕۆی ئێمە, پێویستە مرۆڤ بەدوی گشت ئەو میکانیزم و فاکتەرانەدا بگەڕێ والەم جۆرە کۆمەلگانە دەکا ئەو ئامادەیی و بەردەوامیەی تیابێ لە گەندەل و داڕمان پیشەسازیێ سیاسی و ڕۆشنبیری دروستکا. ئەو ڕێگایانەش بۆ پێشچاوحستن و بەرباسخستنی ئەو میکانیزم و فاکتانە گرتومانەتەبەر ئەو سەرنجانەن خستومانەتە سەر دوو تاکی بەرچاوی ئەم کۆمەلگەیە کە یەکەمیان تاکی یان توێژی سیاسیە و ئەویتریش تاکی یان توێژی ڕۆشنبیرە (کە نووسەران و ڕۆژنامەوانان بەشێکن لێی). ئەم دوو تاکە کە دوو توێژی سەرەکی ئەم کۆمەلگەیەشن زۆرجار خۆیان وەک دوانەش دەردەخەن. هۆیئەوەش سەرنجمان تەنیا خستۆتەسەر ئەم دوو توێژە یان تاکە ئەوەیە تێکڕای ئاماژەکان باسلەوەدەکەن ئەم دوو توێژە یان دوو تاکە لە بەرپرسیارێتی خۆیان ناگەن و ڕەفتاری گرفتاوی و گەندەلاویشیان بەشێ زۆر لەوکۆلاپسە دەژێنێ دینگە (پایە) کانی کۆمەلگەی تێکداوە. بەمشێوەیەبێ لەڕێگای ئەم نووسینەوە ڕەخنەی دوو تاکی بنەڕەتی (سیاسی و ڕۆشنبیر) ئەم جۆرە کۆمەلگەیە دەکەین و پەیتاپەیتاش ڕوویدەممان لە تاکە کانیتری کۆمەلگەش دەکەین (کاسبکار, کارمەند, پێشمەرگە یان سەرباز, قوتابی, خوێنەر و تەنانەت عاشق , باوک ,خوشک و مێردیش), بەگشتیش ئێمە ئەمە دەکەین تا ئەوە نیشاندەین کێ زۆرتر و دواتر چۆن و کەی و کێش کەمتر و بەچجۆرێ کۆمەلگە گەندەل و کۆلاپساوی دەکا. چونکە تاکە سادەکانی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل (بۆنموونە

کاسبکار یان کارمەند یان پۆلیسی هاتووچۆ یان...) زۆر پێویستە جێبەجێکاری ئەرکەکانیان بن و هوشیاریشیان لەسەر وەرگرتنەوەی مافەکانیان بەجۆرێ دادپەروەرانە نەک مشەخۆر و گەندەلاویانە هەبێ. چونکە ئەوی ئەوان ئەنجامیدەدەن ئەرکبەجێگەیاندنە جا ئەوە پاک ڕاگرتنی کۆمەلگە (شار و سروشت) بێ یان پاڕاستنی ئاسایش و ئازادی.

هەر لەمیانەی نوسینەکان تایبەت بە دیاردەی گەندەلی ئێمە ڕەخنەی ئەو ئاڕاستەیەش لە تێگەیشتنی سیاسی و ڕۆشنبیری دەکەین ئازادی, ئەو شتە هێژایەی,قێزەوەنکردووە, هەروەها ڕۆلی بەدی ئەو دوو توێژەش لە زڕاندنی ناوی دیموکراسی و لە بەخراپبەکاربردنی ئەرک و زەوتکردنی ماف و تێکدانی ڕیشالی واتای ئازادی و کردنی ئەم واتایە بە شمەکێ هەرزان و بازاڕیش دەستنیشاندەکەین. هەر لەڕێگای ئەم نووسینەوە ئەوەش دەستنیشاندەکەین چۆن لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دیموکراسی بەشت دەبێ و ئەم بەشتبوونەی دیموکراسیش زۆرترین بەرژەوەندی تاکی سیاسی و تاکی ڕۆشنبیری (لێرە مەبەست ڕۆشنبیری گەندەلە) ئەو کۆمەلگەیەی تیایە. چونکە ئەم تاکانە لەڕێگای ئەوەوە(واتە لە ڕێگای بەشتبوونی دیموکراسیەتەوە) دەتوانن زۆرترین پارە پێکوەبنێن و سامانی نەتەوەش بەئارەزووی خۆیان سەرنگوومکەن. ئەم لایەنە, واتە مەسەلەی ڕۆلی تاکی سیاسی و تاکی ڕۆشنبیری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لە شاردنەوەی داهاتی نەتەوە و کۆکردنەوەی پارە لە گیرفانی خۆیان زۆرترین زەرەر لە واتای دیموکراسی و ئەلبەتە ئازادیش دەدەن و گەورەترین زەرەرێکیش ئەو دوو واتایە لێیاندەکەوێ (واتای دیموکراسی و واتای ئازادی) ئەوەیە ڕاستی قێزەوەن دەبێ. ئەو دەمەش ڕاستی قێزەوەن دەبێ بەهێزترین پایەی بەرزڕاگرتنی واتای دیموکراسی دادەڕمێ کە لەگەل ئەم داڕمانە شتەکانی دییش وەک ماف, ئەرک, ویستی تاک, خۆشەویستی, زانین, جوانکاری و پێوەندی تاکەکانی ناو خێزان ئەو مانایەی نامێنێ. چونکە ئەو واتایانە (واتە: خۆشەویستی, ماف, داد , ئەرک , خێزان و ..هتد) لەبەردەم تەوژمی بەشتبوونی ڕاستی ناتوانن خۆیانڕاگرن و شتە جوان و ڕاست, هەروەها شتە باش و بەبەهاکان مانەوەیان مەحالدەبێ. بۆیە تێزی سەرەکی ئێمە لەم نووسینە لەمڕووەوە ئەوەیە , ئەوی لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بدوێ دەبێ کاربۆئەوەکا هاوتەریبی نێوان ماف و ئەرک هەروەک ئازادی و ئاسایش, دادپەروەری و یەکسانی بپارێزێ چونکە ئەمانە لێکدانەبڕاون و دوژمنی سەرسەختی سیاسەت و ڕوناکبیری گەندەل و کۆلاپساوین. بەواتاێ کورت و ڕوونتر ئەو دەمەی دیموکراسی بەشت دەبێ ڕاستی قێزەوەن دەبێ و ئەمەشوادەکا پێوەندیە کۆمەلایەتی (خێزان , دلداری), جوانکاری (شیعر, سینەما, گۆرانی) و سیاسیەکان (ئازادی, یەکسانی و ئاسایش) لەکەدار و نا-ڕەوشتی بن. ئەمانەش بەمجۆرە دەبن چونکە پرۆسەی ڕۆشنبیری لە ژیانی ڕاستەقینەی خەلک دووردەکەوێتەوە و بە هەندێ شتی سەرپێی و کاتیەوە سەرقالدەکرێ. بۆیە لە گەلێ شوێن لە نووسینەکە ڕەخنەی توند بەلام بەجێ و پێویست ئاڕاستەی ئەو تاکە دەکەین لەسەر بە پیشەسازیبوونی دۆزی سیاسی و هزری کۆمەلگا مشەخۆریدەکا.

بۆئەوەی لەم پێشەکیەدا کەمترین سێرکردنی خۆمان لەوڕووەوە بەرچاوخەین هەرئەوەندە دەلێین : لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری (یان نووسەری) کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ڕاشکاو و ڕاستەوخۆ نانووسێ, لەبەرئەوەی شێوازێ پەخشانئامێزی سوفستای لە ڕوونکردنەوەکانیدا دەگرێتەبەر بۆیە نە دەتوانێ دلی ڕەفتاری گەندەل و کۆلاپساوی تاکی سیاسی ئەم کۆمەلگەیە لە شوێنی لە لێدان بوەستێنێ و نەش ئەو بەروبومە سیاسیانە ( بۆنموونە ویستی ئازادی, مافی دەربڕین) لەکات و شوێنی خۆیا بەکاربەرێ کە بەخۆیان بەری تراژیدیا لەدوای تراژیدیاکانن نەک ئەوەی ئەو بەروبوومانە بەری ڕەفتارێ شەخسی ئەم تاکی سیاسی یان ئەو حیزبی سیاسی, یان ئەم نووسەر و ئەو ڕۆژنامەوان بن. هەروەها لەبەرئەوەی ڕۆشنبیری کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل بەبەردەوام دەنووسێ و لەگشت بارەێکەوە دەنووسێ (سیاسی, فەلسەفی , وێژەی, زمانەوانی , مێژوویی) و نوسینیشی کردوە بەپیشە بۆیە ناتوانێ لە نووسین و ووتنەکانیا زیادلەپێویست نە ڕاستەوخۆ بێ و نەش بیرقوول و دیدپڕ و چاوقایم. ئەو

وەختەش نووسین یان کاری ڕۆشنبیری لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەبێ بەپیشە کەم ڕۆشنبیر هەیە لەجەوری بژێوی ژیان دەربازیبێ و بێباکانە (بەلام نەک هیچگەرایانە) دژی گشت دیاردە و ڕووداوە گەندەلاوی و کۆلاپساویەکان بنووسێ. بەلام لە کۆمەلگەی پێچەوانەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل کەمکەس هەیە بە نووسین بژی و کاری تەنیا ئەوەبێ ڕۆژانە بنووسێ و بلاوکاتەوە مەگەر ئەو دەستەبژێرە ڕۆژنامەوانانە نەبن لە ڕۆژنامە ئازاد و سەربەخۆکان کاردەکەن بەلام لایئێمە و لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل لەوەچوەتەدەرێ دەستەبژێرێ (ئیلیتێ یان تاقمێ) کاری نوسین بکا بەلکو نووسین بووە بە سادەترین شت و بلاوکردنەوە هیچ خەمێکی ناوێ و ئەو ئازادیە بەشتبوو و هەمجیەی لەئارادایە ڕێگای بۆهەمیشە خستۆتە سەرپشت گشت گەرووێک بکارێ گوزارەکانی پەخشکا. ئەلبەتە ئەو ئازادییە دژ و پێچەوانەیەی لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەژی, کە دوژمنی هەرە گەورەی ئازادی ڕاستەقینە و مرۆڤدۆستانەیە, وایکردووە بۆنموونە نووسینی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل ئەو سامەی نەبێ و هیچ هیوایێکیشی پیێنەکرێ. مەبەستم هیوای گۆڕینی هزری سیاسی یان حیزبی, یان گۆڕینی پێوەندیەکانی ناو خێزان یان گۆڕینی تێگەیشتن بۆ واتای هاوسێیەتی, میوانداری, سوپاس و لێبووردەی تادەگاتە واتەهایێکی وەک:ئەوین , سێکس , دەروون, ڕەوشت و ...هتد. ئەمەش وایکردووە, واتە ئەوەی نووسین بێ سامە و شکۆداریخۆی لەدەستداوە, ڕۆژانە ستافێ ڕۆژنامەوانی سەرهەلدا و گروپێ لە دەستەی نووسەران لێرەو و لەوێ سەردەربێنن و تاقمێ تازە لە کارمەندانی ڕاگەیاندن و ڕۆنامەوانی بێنەکایەوە بەلام ئەمانە کێشە سەرەکیەکان چارەسەرناکەن. چونکە مەسەلەکە نە گۆڕینی ستافە و نەش سەرنووسەر و نەش بوونی گۆڤار و دەستەی نووسەرانی نوێ بەلکو مەسەلە هەرە بنەڕەتیەکە ئەوەیە وشە و پەیڤ ئەو بەهایەیان نەماوە و واتا و زاراوە شکۆداریخۆیان لەدەستداوە. بۆیە نە ڕۆژنامە و یان هەفتەنامە و نەش دەستەی نووسەرانە تازەکە دەتوانێ هزری گەندەلاوی ڕۆشنبیر بگۆڕێ و نەش گشت وتارە ڕۆشنبیریەکەی کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل دەکارێ ئەندێشەی سیاسی ,سیاسێکی کۆمەلگەی ناوبراو, بسڕێتەوە. ئەوەی دەتوانێ ئەمە بکا ئەمانەن: کەم نووسین و باش نووسین. ڕاستەوخۆ نووسین و ڕوون نووسین. گەڕانەوەی سام و شکۆداری بۆ ووتن و دەربڕین لەڕێگای ڕێزگرتن لە ووتن و دید و ....هتد. ئەم لایەنانە کە دواتر بە ووردی بەرباسدەخرێن بەشێکن لەو دیتنانەی لە بەشەکانی ئەم نووسینە بابەتی تێڕامان و ئاوڕدانەوە دەبن.

بەپێی ئەو چەند ووتن و تێگەیشتنەبێ لایسەرەوە بەرچاوخرا ئەوی گشت بەشەکانی ئەم نووسینە کۆدەکاتەوە ئەو ئامانج و ویستەیە لەپشت دیتن و بینینەکانی ئەو ووتنانەوەیە تایبەت بە کۆمەلگەی گەندەل و داڕماوی هەنووکەی کوردیەوە دەووترێن و ووتنەکانیش تائەوپەڕی لە کلێشەی ڕەوشتیدا داڕێژڕاون و مەبەست لە ووتنیشیان نە کەمکردنەوەیە لە هیچ گروپ و تاقمێ سیاسی یان ڕۆشنبیری تەنانەت بازرگانی و ئەکادیمی و, نەش بێدەنگبوونە لە چەوتی و هەلە و گەندەلیەکان بەلام لەو شوێنانەی پێویستە ووتنەکان نوێنەرایەتی ئەو ڕاستیە شاراوە و فەرامۆشکراو و پەراوێزکراوانە بکەن کە سیاسی و ڕۆشنبیر و بازرگانە گەندەلچیەکان ترسیان لێیهەیە ئەوا بێ سلەمینەوە ووتنەکان لەسەر پرۆسەی ووتنی خۆیان بەردەوادەبن بەلام لەنێوان گشت ڕەخنەکردنێک و ئەویتر هیوایێ بۆ ژیان لەپاش داڕمانەکانەوە بەجێدەهێلرێ و ئاسۆیەک بۆ سەرلەنوێ کارکردنەوە و دوبارە دامەزراندنەوە مسۆگەردەکرێ ئەمەش لەڕێگای ئەو پرسیار و وەلامانەی بە بەردەوام لە دووتوێی نووسینەکەدا قووتدەکرێنەوە و بەرپەچی ئەو پیشەسازیەی پێدەرێتەوە تەنیا گەندەلچیەکان لێیسوودمەندن. چونکە گەندەل و کۆلاپس لە کۆمەلگەی کوردی ئەوەندە ژیا و بەردەوامبوو بووە بە پیشەسازیێ پڕ لە ڕەواج ڕۆژانە سیاسەت و ڕۆشنبیری بەسەرەوەدەکرێ. ئەم پیشەسازیە کە شیکردنەوەی زۆری بۆدەکرێ شیکردنەوەکان لەبەرئەوەی گەندەل ئامێزن وایان لە دیاردەی کۆلاپس و گەندەل کردوە وەکیەک ببن بە بابەتی قسەی گەندەلخواز و دژە گەندەلەکان. یەک لە خاسلەتە ترسناکەکانی ئەو قسانەش لەبارەی ئەم دیاردەیەوە

دەکرێ, کە هەرئەوەشە وایلێکردوە هەبێ و پێویستیشبێ, بە پیشەسازبوونەکەیەتی کە بەخۆی هەر ئەوەشە وایکردوە باس لەسەر دیاردەی گەندەل و کۆلاپس ناکاریگەربێ. واتە بێ کەلکی نووسین یان قسەکردن لەسەر گەندەل و کۆلاپس هۆی سەرەکی بەپیشەسازیبوونەکەی ئەم دیاردەیەیە. بۆیە لەرێگای ئەم نووسینەوە دەمانەوێ هیوایێک بۆ ووتن لەسەر گەندەل و کۆلاپس بگەرێنینەوە بەلام لەرێگای خودی گەرانەوەی هیوا بۆ ئەوی دەووترێ و یان دەنووسرێ هەروەها بۆ خودی رۆشنبیری و سیاسەتکردن ئەمەو تادەگاتە هیواگەرانەوە بۆ مانای راستی, واتای ئازادی , یەکسانی , ماف و دادپەروەری و.......هتد.

لەکۆتای ئەم دەروازە چەند لاپەرەیەدا دەمانەوێ ئاماژە بەوەشکەین ئەم نووسینە لە چەند بەشێ پێکدێ و هەریەک لەو بەشانە لەرێگا و شوێنێکەوە خۆیان تورهەلدەدەنە ناو شوێنە دارزاو و هەلاهەلاکانی کۆمەلگەی کۆلاپساوی و گەندەلاوی کوردستانەوە. ئەو بەشانە کە هەریەکەیان ئەرکێ جیا و ویستێ جودایان هەیە ناخوازن جگەلە لە رەخنەکردن و بەرچاوخستنی دیاردە و رووداو و دۆزە گەندەلاوییەکان شتێ تر بلێن بەلام لەو شوێنانەی پێویستە راستی راستیەکان بدرکێنرێن ئەوا رووداو و دیاردەکان بەپشت بەستن بەو دۆزانەوەی دروستیانکردوە بەرباسدەخرێن و سلەمینەوە و شەرم ئەو بەهایەیان نابێ. ئەو بەشانەش ئەم نووسینە خۆی لێپێکدێنێ بۆنموونە لەمانە بریتیدەبن:2-نووسینی هەنووکەی کوردی بێ سامە (بێ شکۆیە): نووسین و خوێنەری گەندەل, 3- سیاسەت واتە هزراندن: سیاسی و سیاسەتی گەندەل, 4-بەفریشتەکردنی نووسەر: نووسەری گەندەل ,5- جۆرجیاس و پرۆتاگۆراسێ زۆرمان هەیە بێئەوەی تاکە ئەفلاتوونێکمان هەبێ! : رۆشنبیریی گەندەل,6- بەشمەک (بەکالا) بوونی ئافرەت: گەندەلبوونی خۆشەویستی,7- بەرۆژنامەوانیبوونی رۆشنبیری: تێکستی گەندەل ,8- ئایندەی سیاسی پارتی و یەکیەتی: حیزبی گەندەل , ,9- نەبوونی ئەنفال بە ئاوشوێتز: گەندەلیکردن بەسەر تراژیدیاوە ,10- مشتێ لە ریشالەکانی گەندەلی: رۆلی بەعسیزم لە شێواندنی پەروەردەی سیاسی و خستنەوەی درێ و نەوەێ دەروونبیماری سیاسی ,11- بەشتبوونی ئازادی: دیموکراسی گەندەل ,12- گەندەلی شیعریشی گرتۆتەوە: پێویستی بۆ شاعیری بیریار, 13- گەندەلی هزری و ئەکادیمی: گەندەلی وادەکا بێ- هزری ببێ بە کۆلەکەی هزر , 14- لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل شتێ نییە پێیبووترێ شیکردنەوەی دەروونی: گەندەلبوونی تاک و شتە دەروونیەکان, - 15 لە کۆمەلگەی کۆلاپس و گەندەل رۆشنبیری ئابووری تاکەکەس لەپلەی هیچدایە: هەلاوسان, بێکاری, هەژاری و گەندەلی ئیداری, 16- سازاندنی ئوپنیوونی گەندەل: تێگەیشتنی گەندەل, 17- گەندەلی داد: تێکچوونی پردی نێوان ماف و ئەرک و..........هتد.